دەروونزانی منداڵ

Child Psychology

بەشی چوارەم:

گەشەی زمانی منداڵ

مامۆستای بابەت: پ. ی. د. آراز حکیم رضا

چۆنییەتی گەشەکردنی زمان منداڵ:

- زمان کەرەستەی سەرەکی پێشکەوتنی گشت گەل و نەتەوەکانە، تازەکەرەوەی ڕۆشنبیرییە، ئامرازی گوزارشتکردن و تێگەیشتنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە، بنەمای هاوسۆزی و هاوبیری و پێوەری پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکانە و کاریگەرییەکی زۆریشی هەیە لە گەشەکردنی بیر و هۆش و هزری مرۆڤدا، بەڵگەش ئەوەیە کە (دەتوانرێت بڕیار لەسەر زیرەکی تاك لەڕێگەی دەوڵەمەندی یان هەژاری زمانیەوە بدرێت).

- کەواتە زمان گرنگییەکی لەڕادەبەدەری لەژیانی مرۆڤدا هەیە و تەنها مرۆڤیشە کە دەتوانێت زمان بەمانا بەر فراوانەکەی بەکاربهێنی و لە بوونەوەرەکانی خوارخۆی جیابکاتەوە. زمان وەك ڕوون و ئاشکرایە لە ژمارەیەك دەنگ پێکهاتووە و بەپێی یاسا و ڕێزمانی تایبەتی کاڵای مانای بەباڵایدا دەبردێ و لەڕێگەیەوە تاکەکانی کۆمەڵ لەیەکتری تێدەگەن و گوزارشت لە حەز و ئارەزو و بیر و بۆچوونەکانیان دەکەن.

زمانی منداڵ لە نێوان خۆیەتی (خودی) و کۆمەڵایەتیدا:

❑ منداڵانی هەموو جیهان یەکسەر دوای لە دایکبوونەوە وەك یەك وان وهەموویان یەك جۆرە خواردن دەخۆن ئەویش شیرە هەروەها یەك زمانی تایبەتیان هەیەئەویش زمانی گریان و دەنگی هەرەمەکی وگڕوگاڵە و هیچ شتێکیش دەربارەی ئایین و فەلسەفە وداب ونەریتی کۆمەڵەکەیان نازانن، بەڵام پاش ماوەیەك وردە وردە ڕۆژ لەدوایی ڕۆژلەئەنجامی ڕاهێنان و فێرکردنی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازی زۆر لەلایەنەکانی کۆمەڵایەتی و زمان و ئایین و ئایدۆلۆژیا و داب ونەریت لەنێوان ئەو منداڵانەی هەمووجیهان دروست دەبێت.

❑ کەواتەمنداڵ دوایی لەدایك بوون لەبوونەوەرێکی بایۆلۆژی زیاترهیچی تر نییە و هیچ شتێك دەربارەی کۆمەڵ وداب ونەریت بەهاکانی نازانێت تەنانەت ئەوەش نازانێت کە ئەو بوونەوەرێکی تایبەتیە و تایبەتمەندی خۆی هەیە وەك هیچ کەسێکی جیهانی دەرەوە نییە، بەپێچەوانەوە وادەزانێت کەئەوهەمووجیهانە و جیهانیش بەتەنها هەرئەوە، بەڵام ڕۆژلەدوایی ڕۆژ لە ڕێگەی خێزان ودام دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە فێری داب ونەریت و بەها و یاسا و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت و لەبوونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت لە ڕێگەی پرۆسەی (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە).

- بۆیە هەندێك لە زانایان لەو بڕوایەدان کە زمانی منداڵ یەکەمجار لە جۆری خۆیەتیە و ئەرکی گەیاندنی پەیامی کۆمەڵایەتی و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی نییە، واتە منداڵ زمان وەك کەرەستەیەك بۆ خۆدواندن بەکاردەهێنێ و لەجۆری مۆنۆلۆجی تاکە کەسییە نەك دیالۆگ لە نێوان دوو کەس یان زیاتر، چونکە منداڵ لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە توانای گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە و دیالۆگی نییە و هێشتا لەلایەنی عەقڵییەوە ئەوەندە گەشەی نەکردووە کە بتوانێت ڕا و بۆچوون و حەز و ئارەزووی کەسانی تر لەبەرچاو بگرێت، بۆیە زمانی لەو جۆرەیە کە بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە (Egocentric Speech)، واتە لەم جۆرە زمانە و لەم قۆناغەدا مەبەستی منداڵ ئەوە نییە کە ڕا و بۆچوونی بەرامبەرەکەی بگۆڕێ یان لەگەڵی بکەوێتە دیالۆگ و گفتوگۆ، بەڵکو لە ڕێگەی ئەم جۆرە زمانەوە لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و گوزارشت لە حەز و ئارەزوو بۆچوونەکانی خۆی دەکات بەبێ ئەوەی گوێ بە قسە و ڕا و بۆچوونی گوێگرەکەی یان بەرانبەرەکەی بدات، لەبەرئەوەی قسەکانی لەم قۆناغەدا ئاڕاستەی ئەوان ناکات، بەڵکو تەنها ئاڕاستەی خۆی دەکات.
- بەڵام دوای ماوەیەك لە گەشەکردن و زیادبوونی حەز و ئارەزووی تێکەڵاوبوونی بە کەسانی تر، جۆری دووەم لە زمان کە زمانی کۆمەڵایەتییە سەرهەڵدەدات، ئەم جۆرە زمان و قسەکردنە لە جۆری دیالۆگ و گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوەیە کە منداڵ لە ڕێگەیەوە دەکەوێتە دواندن و گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی تر و ئەو توانا عەقڵییەشی لەلا گەشە دەکات کە بتوانێت ڕا و بۆچوون و حەز و ئارەزووی کەسانی تر لەبەرچاو بگرێت.

هەنگاوەکانی فێربوونی زمانی منداڵ:

- زمان وچۆنیەتی گەشەکردنی، توێژینەوەی زۆر دەربارەی بەئەنجام گەیەندراوە، دەرئەنجامی هەموو توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کەمنداڵ یەکەمجار فێری ناوەکان دەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە چواردەوری منداڵن و ڕۆژانە منداڵ لە ڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە وەك (بابە، دایە، دادە، پشە، ئاو، نان، حەم، دەم، چاو، لوت، سەر، تەلە فزیون ... تاد).

- دوای ئەوە بەماوەیەکی زۆر ئینج ادەتوانێت فێری کردار (فعل) ببێت وبەکاریان بهێنێ، هەروەها لەدەوروبەری کۆتایی ساڵی دووەم، بۆ یەکەمجار دەتوانێت جێناو (چمیر) بەکاربهێنێ، وردە وردە گەشە دەکات، تا لە کۆتایی ساڵی سێیەم دەگاتە ترۆپکی جێناوەکان، یەکەمجار جێناوە هەستپێکراوەکان فێر دەبێت دوای ئەوە بە ماوەیەك ئینجا فێری جێناوی نادیار دەبێت.

بۆ دەرخستنی ڕاستی و دروستی ئەو بۆچوونە توێژینەوەیەك لەلایەن (عەبدولستار تاهر شریف)ەوە ئەنجامدرا بە ناونیشانی (گەشەی زمانی منداڵانی کورد) و توێژینەوەکە ئاماژە بۆ هەمان دەرئەنجام دەکات. بەجۆرێك کە (□□,□□٪) سەرمایەی زمانی منداڵانی کورد ناوە، (□□,□□٪) وشەکانی تریان کرداره. بێگومان فێربوونی وشە و ڕستە و ئامراز و دەستەواژەکان پەیوەندی بەقورس و سوکی و دیار و نادیاریانەوەیە، منداڵ لەسەرەتای فێربوونی زماندا فێری وشە و ڕستە سووکەکان دوای ئەوەش قوورسەکان دەبێت، یەکەمجار فێری مانای ئەو شتانە دەبێت کە لەڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە درکی دەکات و دەیانناسێتەوە دواجار ئەو شت و چەمکانەی کە نادیار و واتادار و کورتکراوەن.

هەر لەبەر ئەوەشە کە منداڵ یەکەمجار فێری ناو دەبێت دوای ئەوە کردار، لەبەر ئەوەی کردار لە دوولایەنەوە جیاوازە لەناو، یەکەم: کات لە کرداردا هەیە (ئیستا، ڕابردوو، داهاتوو)، بەڵام لەناودا نییە. دووەمیش ڕوودان لە کرداردا هەیە (ڕۆیشتن، خواردن، بردم، گرتم ... تاد) کە گۆڕنکاری لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەبێت، بەڵام ئەم ڕوودانەش لە ناودا نییە، کەواتە فێربوونی کردار گرانە و کاتی زۆری دەوێت و پەیوەستە بەگەشەکردنی ژیری و کۆئەندامی دەماری ناوەندییەوە، لەبەرئەوە فێربوونی دوادەکەوێت، هەمان شتیش لەکاتی فێربوونی جێناو و ئامرازەکاندا دووبارە دەبێتەوە.

دەروونزانی ئەمریکی (جیزڵ) Gesell توێژینەوەیەکی لەسەرفێربوون و وەرگرتنی زمان بەئەنجام گەیاند، لەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەك لەدایکان وباوکان وپیشاندانی کۆمەڵێك وێنە بەمنداڵان و داواکردن لێیان کە ناوی ئەو وێنە و شتانەی بڵێن کەپیشانیان دەدات، دوای کۆکردنەوەی زانیارییەکی زۆر، گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

تەمەنی منداڵ	دیاردەکانی زمان
( ) مانگ	زەردەخەنە، گمەگم، قاقا لێدان، دروستکردنی دەنگ لەڕێگەی دەمەوە.
( ) مانگ	گڕوگاڵ، قسەکردن بە چەند بڕگەیەك، پێکەنین بەچەند دەنگ و وێنە و نیگارێك.
( ) مانگ	فێربوونی وشەی دایە، دادە، وەك بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو وشانەی کە گوێبیستی دەبێت.
( ) مانگ	تێگەیشتنی هەندێك وشە و قسەی سادە، دەڕبرینی دوو وشە لەگەڵ هەردوو وشەی بابا و دادە، خوا حافیزی و بای بای بەدەستەکانی.
ساڵ و نیوێك	گوتن و دەربڕینی ( ) وشە یان زیاتر، تێگەیشتنی پرسیارە ئاسانەکان، ئاماژەکردن بۆ لووت و چاوەکان و قژ (پرچ)، توانای سوپاسکردن و وەڵامدانەوەی سڵاوکردن.
( ) ساڵان	بەکارهێنانی ڕستە بەتایبەتی ڕستە ئاسانەکان، ناونانی شت و کەل و پەل و پەلەکانی چواردەورەی وەك (کلیل، دەرگا، کاتژمێر)جیاکردنەوەی هەندێك لە ئامرازەکانی پەیوەندی.
( ) ساڵان	فێربوونی بەکارهێنانی جێناو، کاتی ڕابردوو، کۆکردنەوە، ناونانی سێ شت لەو وێنانەی کەپێشانی دەدرێت، گێڕانەوەی کورتە چیرۆك، جیاکردنەوەی هەندێك کەرەستە و پیت.
( ) ساڵان	ناسینەوە و جیاکردنەوەی چوار کەرەستە (ئامراز)، بەکارهێنانی هەندێك وشە بۆ وەسفکردن,لەگەڵ پێناسەکردنی ئەو وشانەی بەکاری دەهێنێ وەك: چەقۆ بۆ بڕین، کورسی بۆ دانیشتن، تێگەیشتنی ( ) وشە یان زیاتر لەوانەی کەپیشانی دەدرێت.

قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان:

- هەموومان دەزانین کە هەر گەل و نەتەوەیەك زمانی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام سەرهەڵدان و گەشەکردن و قۆناغەکانی لە نێوان هەموو گەلانی جیهاندا چوون یەکن و یەك ڕێچکە و بنەمای تایبەتی خۆی هەیە. دەروونزانەکان لە ئەنجامی توێژینەوەکانیانەوە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە گەشەکردنی زمانی منداڵ بەم قۆناغانەی خوارەوەدا تێدەپەڕێت:

) قۆناغی هاوارکردن:

- یەکەمجار هاوارکردنی منداڵ دیاردەیەکی بایۆلۆژی ڕووتە و پەیوەندی بەهیچ شتێکی ترەوە نییە وەك هەندێك کەس لەو باوەڕەدان کە ئەو هاوارکردنە دژی لەدایك بوونە و نارازییە بۆ هاتنە ناو ئەم ژیانە ترسناك و دژوارە و مانەوەیە لەناو منداڵدانی ئارام و پڕ لە کامەرانی.

- لە ڕاستیدا هەموو منداڵانی جیهان هەر یەکسەر دوای جیابوونەوەیان لە دایکیان هاوارێك دەکەن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوایەی کە بۆ یەکەمجار دەچێتە ناو بۆڕی هەناسە و سیەکانیەوە، بێگومان ئەو هاوارکردنە بەرپەرچدانەوەی ئاسایی و بایۆلۆژی لەشە بۆ ئەو هەوایە. هاوارکردن لە سەرەتای ژیاندا پرۆسێسێکی ئۆتۆماتیکیە و لەژێر کۆنترۆڵ و ویستی منداڵدا نییە.

❑ بەڵام وردە وردە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەگۆڕدرێت بۆپرۆسێسێکی ویستی و منداڵ کۆنترۆڵی دەکات و لەکات و شوێنی پێویستدا بەئارەزووی خۆی بەکاری دەهێنێت و دەبێت بەئامرازێکی ڕاگەیاندن لەنێوان ئەو و کەسانی چواردەوریدا بەتایبەتیش دایك وباوك.

❑ بۆ نموونە: کاتێك برسی یان تینووی دەبێت یان هەست بەئازار دەکات یان خۆی تەڕ دەکات، منداڵ هاوار دەکات و دایك فریای دەکەوێت و لەو بارودۆخە نائاساییە ڕزگاری دەکات، تەنانەت دایك دوای چەند جارێك شارەزایی پەیداکردن جۆری هاوارکردنەکە دەناسێتەوە، بەجۆرێك منداڵ کاتێك برسی دەبێت جۆرێك هاوار دەکات کە جیاوازە لەو هاوارەی کە بۆ ئازارە یان بۆ خۆپیسکردنە.

❑ واتە زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا هاوارکردنە، وە لە هەمانکاتدا ئەو هاوارکردنە دەبێت بە هۆکارێك بۆ بەهێزکردن و ڕاهێنانی دەنگە ژێکان.

) قۆناغی گڕوگاڵ:

دوای ماوەیەك دەنگ و هات و هاواری منداڵ لە هاوارکردن و قیژە قیژەوە دەگۆڕێت بۆ گڕوگاڵ، ئەوەی گڕوگاڵ لە قۆناغی پێشوو جیادەکاتەوە ئەوەیە کە لە قۆناغی گڕوگاڵدا دەنگی منداڵ و هاوارکردنەکەی جۆرە ڕەزم و نەزم و وڕێك و پێکیەکی موسیقی لەخۆی دەگرێت و تام و چێژو خۆشیەك بە منداڵ و کەسانی چواردەوری دەدات، یەکەمجار بەچەند دەنگێکی لابەلاو تەم و مژاوی دەست پێدەکات دوای ئەوەش پیتەکان چەکەرەدەکەن، یەکەم پیت کە منداڵ دەتوانێت دەری ببڕێت، ئەو پیتانەیە کە پەیوەندیان بە دەم و لێوەوە هەیە، چونکە منداڵ لە ئەنجامی پرۆسێسی مژین و ملچە ملچ و قوتدانەوە بە ئاسانی دەتوانێت زاڵبێت بەسەر جووڵە و بەکارهێنانی هەردوو لێوەکانییەوە، یەکەم پیتیش بریتییە لە (ب) دوای ئەوە ئەو پیتانە دەردەکەوێت کە پەیوەندیان بە بەکارهێنانی ددانەکانەوە هەیە وەك (د) و (ت) دواتر ئەو پیتانە دەردەکەوێت کە پەیوەندیان بە لووتەوە هەیە وەك (ن) و (م)، بەم شێوەیەپیتەکان یەك لەدوای یەك سەوز دەبن و باخچەی زمان دەوڵەمەند دەکەن، تا دواهەمین جار ئەو پیتانەی کە پەیوەندیان بەبن میچی دەم و قوڕگەوە هەیە دەردەکەون وەك پیتەکانی (ك) و (ح) و (ق) و (ع) ... تاد.

) قۆناغی لاسایکردنەوە:

❑ دوای پێنج مانگی منداڵ دەچێتە قۆناغی لاسایکردنەوەوە، لەم قۆناغەدا منداڵ لەلایەك تام و چێژ لەو پیت و دەنگانەی کە لە قۆناغی گڕ و گاڵدا فێری بووە دەبینێت، لەلایەکی تریشەوە لاسایی قسە و دەربڕینی کەسانی چواردەوری دەکاتەوە، بەم شێوەیە منداڵ کاتێك گوێی لە دەنگی خۆی دەبێت وپیتەکانی دووبارە و سێبارە دەکاتەوە و قسەی دایك وباوك و خوشك و برادەڵێتەوە، تام چێژێکی زۆری دەست دەکەوێت و پاداشت وپشتگیری دایك و باوکیش ئەوەندەی تر هانی دەدات بۆ فێربوونی پیت و وشەی زیاتر.

❑ منداڵ کاتێك (دا) یان (با) یان (ما) دووبارە دەکاتەوە تام و چێژ وەردەگرێت لەلایەك و لە لایەکی ترەوە وشەکانی (دادا) یان (بابا) یان (ماما) پەیدا دەبێت، چونکە منداڵ کاتێك یاری بەپیتەکان دەکات، وشە دروست دەبێت. بۆ نموونە: منداڵ (دا) دووبارە دەکاتەوە و لاسایی خۆی دەکاتەوە دوای چەندجار دووبارەکردنەوەی (دا دا دا دا) وشەی (دادا) دەبیسترێت، بەهەمان شێوە دەربارەی (با با با با) وشەی (بابا) وە پیتی (ما ما ما ما) وشەی (ماما) دەبیسترێت، ئیتر لەم کاتەدا دایك و باوك و کەسانی تری چواردەوری منداڵ شاگەشکە دەبن و دەڵێن منداڵەکانمان فێری (دا دا) و (با با) و (ما ما) بووە، کە لە ڕاستیدا منداڵ لەم قۆناغەدا مانای هیچ کام لەو وشانە نازانێت.

) قۆناغی مانا و واتادان:

❑ منداڵ لەم قۆناغەدا فێری مانای وشەکان دەبێت، لە قۆناغی لاسایکردنەوەدا منداڵ دەڵێت (ماما، بابا، دادا) بەبێ ئەوەی مانایان بزانێت، بەڵام لەم قۆناغەدا لەئەنجامی پەیوەستبوون و هاو کات و شوێنی وشە و ئەو شتەی گوزارشتی لێدەکات منداڵ فێری مانای شتەکان دەبێت.

❑ بۆ نموونە: کاتێك دایك دەردەکەوێت و بە منداڵ دەڵێن ئەوە دایەیە، و کاتێك خوشك دەردەکەوێت دەڵێن ئەوە دادەیە، و کاتێك باوك دەردەکەوێت دەڵێن ئەوە بابەیە، بەم شێوەیە منداڵ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فێری مانای وشەکان دەبێت، هەرچەندە یەکەمجار ئەو مانایە دەدات بە هەموو ئەو بابەتانەی دەکەونە خانەی ئەو مانایەوە.

❑ بۆ نموونە: منداڵ کاتێك فێری مانای بابە دەبێت، ئیتر بە هەموو پیاوێك دەڵێت بابە، هەروەها بە هەموو کچێك دەڵێت دادە یان دایە ... تاد، بەڵام وردە وردە ناوی ئەوانیش فێردەبێت و هەرشتە لە شوێنی خۆیدا بەکاردەهێنی.

چی گەشەی زمانی منداڵ دوادەخات؟

❑ زۆر لەئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆر هۆکار هەیە دەبێتە هۆی دواکەوتنی گەشەی ئاسایی زمانی منداڵ، لەوانە:

) پەلەکردنی دایك و باوك:

❑زۆر لەدایکان وباوکان، پێش ئەوەی منداڵەکانیان بگەنە تەمەنی قسەکردن، زۆر لە منداڵەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی زوو قسە بکەن، بەڵام لەبەرئەوەی لەلایەنی بایۆلۆژییەوە ئەو منداڵە بەتەواوی گەشەی نەکردووە ومەلبەندەکانی قسەکردن لەمێشکدا کەم وکورتیان تێدایە و دەنگەژێ و ماسولکەکان نەگەیشتووەنەتە ئاستی پێویست، منداڵەکە ناتوانێت وەك پێویست و بەپێی دڵ و خواستی دایك و باوکی قسە بکات و تووشی سەرنەکەوتن دەبێت و دواجار دوور نییە باوەڕی بەخۆی نەبێت و بەچاوی سووك سەیری خۆی بکات، هەروەها ئەو سەرنەکەوتنە دەبێتە مایەی تورەبوون و بێزاری ئەو منداڵانە و شوڕشێکی گەورە لە دژی زمان و قسەکردن بەرپادەکەن و دوور نییە لەتەمەنی ئاسایی قسەکردنیشدا مانبگرن و قسەنەکەن وەك بەرپەرچدانەوە و نارەزاییەك بۆ ئەو پەلەکردن و زۆرەملێیەی دایك وباوکیان، تەنانەت ڕەنگدانەوەی خراپیشی دەبێت لەسەر قۆناغەکانی داهاتووی ئەومنداڵە و زۆرجار بەشداری گفتوگۆ و قسەکردن ناکەن دورەپەرێز و کەمدوو دەبن.

) ئاخاوتن بە دوو زمان:

❑ ئەومندالأنەی کە لەسەرەتای ژیانەوە فێری دوو زمانیان دەکەن، لە داهاتوودا زەرەر و زیانێکی گەورە لەسەرمایەی زمانیان دەکەوێت (چونکە ناتوانن بەتەواوی فێری هەردووزمانەکە بن، بەڵکو بەنیوەچڵی و ناتەواوی فێری ئەو دوو زمانە دەبن، ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی هەریەك لەو زمانانە دەبن بە کۆسپ و ڕێگر لەبەردەم فێربوونی تەواوی زمانەکەی تر، لەبەرئەوەی هەر زمانە تایبەتمەندێتی و خاسیەت و سیفاتی خۆی هەیە کە وا لە منداڵەکە دەکەن لە کاتی قسەکردندا تێکەڵاویان بکات و بەئاسانی لێکیان جیانەکاتەوە.

❑ ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە کە مرۆڤ هێز و توانا و ژیری تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر بۆ بەئاکام گەیاندنی یەك کار و فەرمان ئاراستە کرا، ئەوا زیاتر سەرکەوتن بەدەست دەهێنی لەوەی کە دابەش بکرێت بەسەر دوو یان زیاتر لەکار و فەرمانێك، ئینجا لەبەرئەوەی ئەو منداڵانەی کە لەیەك کاتدا فێری دوو زمانیان دەکەن یان زمانی ماڵەوەیان جیاوازە لەگەڵ زمانی خوێندن و دەرەوەیان، ئەوا ناچاردەبن کە ئەو هێز و توانا و ژیرییەی هەیانە دابەش بکەن بەسەر ئەو دوو زمانەدا و وەك ئەو منداڵە فێری زمان نەبن کە هەموو هێز و توانا و ژیری ئاراستەی یەك زمان دەکات و فێری دەبێت.

) هەژاری ژینگەی منداڵ:

- ئەگەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری منداڵ هەژار بێت و کەرەستە و ئامراز و هۆکاری تایبەتی بەگەشەکردنی زمانی منداڵی تێدا نەبێت، ئەوا ئەو منداڵانە وەك پێویست فێری زمان نابن، بۆ نموونە ئەگەر دایك و باوك کەم دوو بن و هانی منداڵ نەدەن و هەڵەکانیان بۆ ڕاست نەکەنەوە و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و یاریکردن لەماڵدا نەبێت، ئەوا دوور نییە منداڵەکانیان تووشی دواکەوتنی زمان بن و زمانیان پاراو و دەڵەمەند نەبێت و تووشی زۆر هەڵە بن لەکاتی قسەکردندا.

دەوڵەمەندی و هەژاری زمانی منداڵ:

ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە کار لە گەشەکردن وپاراوی و دەوڵەمەندی زمانی منداڵ دەکەن:

- **تەمەن:** تامنداڵ تەمەنی زیاتربێت، ئەوەندە سەرمایەی وشەو زمانی زیاتر دەبێت و دەتوانێت زیاتر زاڵ بێت بەسەر ڕێزمان و ژمارەی وشەکان و چۆنیەتی دەڕبڕینیان، واتە منداڵی ( ) سێ ساڵان زمانی دەوڵەمەندتر وپاراوترە لە منداڵی ( ) دوو ساڵان، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی بەهێزی نێوان تەمەن وپێگەشتن وکاملی، بەتایبەتی پێگەیشتن وکاملی کۆئەندامی قسەکردن و زمان و ژیری و زیادبوونی شارەزایی و زانیاری منداڵ.

- **تەندروستی:** ئەو منداڵەی تەندروستی باش بێت و بەردەوام نەخۆش ولاواز نەبێت ئەواچالاکی قسەکردن و یار یکردن بە وشەکانی زیاتر دەبێت و دواجاریش زمانی پاراوتر دەبێت، بەڵام ئەگەر بەردەوام نەخۆش وپەککەوتە وکەم جووڵە بوو ئەو کاتە تاقەتی قسەکردن و یاریکردن بە وشەکانی نابێت و زیاتر سەرقاڵی جەستەو باری تەندروستی دەبێت و سەرمایەی زمان وپاراوی وەك منداڵێکی ئاسایی نابێت.

- **توخم:** دەرئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گەشەکردنی زمانی کچ لە کوڕ خێراترە بەتایبەتی لە ( ) پێنج ساڵی یەکەمدا، هەورەها ژمارەی ئەو وشانەی کە کچ دەیزانێت زیاترە لە ژمارەی ئەو وشانەی کە کوڕ دەیزانێت و ڕستەی کچ درێژترە لەو ڕستانەی کە کوڕ بەکاری دەهێنێ.

- **زیرەکی:** پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان زیرەکی و زمان و دەوڵەمەندی زمان، دەرکەوتووە ئەو منداڵانەی زۆر زیرەك و بلیمەتن زووتر فێری زمان دەبن و زمانیشیان زۆر پاراو و دەوڵەمەنترە لە منداڵی ئاسایی، هەروەها منداڵی ئاسایی گەشەکردنی زمانی خێراترە لە گەشەکردنی زمانی گەمژە و دەبەنگ و دواکەوتوو، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەر منداڵێك کەموکورتی لە گەشەکردنی زمانیداهەبوو ئەوە دەبەنگ و گەڵحۆیە، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری تر بێجگەلەزیرەکی هەن کە کار لە زمان دەکەن.



- **ژینگەی کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری:** بێگومان ئەو منداڵانەی لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری پێشکەوتوودا دەژین زمانیان پاراوتر و دەوڵەمەندتر دەبێت لەو منداڵانەی کە لە ژینگەیەکی دواکەوتوودا دەژین، لەبەرئەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری پێشکەوتوو زیاترهانی منداڵ دەدات و تاکەکانی ئەو ژینگەیە بەردەوام نموونەی زمان پاراوی دەبن بۆڵاسایکردنەوەی منداڵەکانیان و هەڵەکانی زمانیان بۆ ڕاستدەکەنەوە و بەڕاستی فێری ڕێزمانیان دەکەن و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وخۆ ڕۆشنبیرکردنی وەك پەڕاو و گۆڤار و ڕۆژنامەوە و ڕادیۆ و تەلەفزیون ... هتد، زیاتر لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری پێشکەوتوودا هەیە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی زمانی منداڵەکانیان، بەڵام ژینگەی دواکەوتوو زمانی منداڵ دەشێوێنی و پشتگیری وهانی منداڵ نادات و هەڵەکانی بۆڕاست ناکاتەوە ونموونەی هەڵەو دواکەوتوو دەبن بۆ منداڵەکانیان.

ڕۆڵی دایك لە پەرەپێدانی زمانی منداڵ:

لەبەرئەوەی دایك یەكەم بوونەوەرە كەلەسەرەتایی ژیانی بەزۆری مامەڵە لەگەڵ منداڵ دەكات، بۆیە گرنگییەكی زۆری لەژیانی منداڵدا هەیە، یەكێك لەو لایەنە گرنگانەی كە دایك كاریگەری زۆری لەسەری هەیە، زمان وئاخاوتنی منداڵە، دایك دەتوانێت بەشداریەكی باش لە گەشەكردنی زمانی منداڵدا بكات، دەتوانین گرنگی و ڕۆڵی دایك لەم چەندخاڵەی خوارەوەدا چڕبكەینەوە:

1) دەبێت دایك بە زمانێكی سادە و دوور لە گرێ و گۆڵ قسە لەگەڵ منداڵ بكات و ئەو وشانە بەكاربهێنی كە منداڵ تێیان دەگات.
2) تا دەتوانێت دەبێت دایك (ناو) بەكاربهێنی و لەجێناو دووربكەوێتەوە، بۆ نموونە لەجیاتی (ئەو چوو بۆ بازار) پێویستە بڵێت (بابە یان نەنە چوو بۆ بازار)، هەروەها لەجیاتی (من نان دەخۆم) پێویستە بڵێت (دایە نان دەخوات)، لەبەرئەوەی منداڵ لە سەرەتایی فێربوونی زمان لەمانای جێناوەكان تێناگات.
3) لە سەرەتادا زمانی منداڵ بەپێی سیستەمێكی سەیر و تایبەتی گەشە دەكات و لەتەك ڕێزمانی كوردیدا زۆر ناگونجێ، لەبەر ئەوە ئەركی سەرەكی دایكە كەبەپێی توانا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵەكانی بۆ ڕاست بكاتەوە، بۆنموونە منداڵ درەنگ فێری بەكارهێنانی كردارەكان دەبێت، لەبەرئەوەی كردار زەحمەتە و ڕووداوو حاڵەتەكانی تێدایە و وەك ناو ئاسان نییە لەبەرئەوە زۆرجار دەكەوێتە هەڵەوە و بەناڕێكی كردارەكان بەكاردەهێنی، بۆنموونە دەڵێت (دوێنی دەچین بۆ بازار) لێرە دەبێت دایك ڕستەكەی بۆ ڕاست بكاتەوە وە پێی بڵێت (دوێنی چووین بۆبازار)، یان دەڵێت (دووسێ ڕۆژی ترچووین بۆماڵی پوورم) ئەركی دایكە ئەو ڕستە هەڵەیەی بۆ ڕاستبكاتەوە پیێ بڵی (دووسێ ڕۆژی تردەچین بۆماڵی پوورم).
4) زۆر گرنگە بەردەوام دایك قسەلەگەڵ منداڵ بكات وپرسیاری جۆراو جۆری لێبكات و چەندەها چیرۆكی بۆبگێڕێتەوە و ڕۆژانە وشەی نوێی فێربكات.

5) پێویستە دایك سوود لە ڕووداو و گۆڕانكارییەكانی ڕۆژانە وەربگرێت، بۆنموونە كاتێك دەچێت بۆبازاڕ و منداڵەكەی لەگەڵدایە، پێویستە پرسیاری دەربارەی ئەو شتانەی كەدەیانبینن لییێ بكات ئەگەر ناویان نەزانێت ئەوا زۆر گرنگە دایك بۆی ڕوونبكاتەوە، هەروەها كاتێك لەناو چێشتخانەیە یان لەماڵە خزمێكە یان سەیری تەلەفزیون دەكەن یان گوێ لەڕادیۆ دەگرن، زۆر گرنگە دایك پرسیاری جۆراوجۆر دەربارەی ئەوشتانە لەمنداڵ بكات ولایەنە شاراوەكانی بۆ ڕوون بكاتەوە و ناوی شتەكانی فێربكات و بەزمانێكی سادە و پاراو بۆی باس بكات.

6) زۆر پێویستە كاتێك دایك قسە لەگەڵ منداڵەكەی دەكات، قسەكانی بەپێی ئاستی تەمەن و تێگەیشتنی منداڵەكە بێت ودان بەوشەكاندا بنێت و هانی منداڵەكە بدات بۆ ئەوەی لاسایی بكاتەوە.

7) پێویستە دایك بەردەوام منداڵەكەی لەسەر قسە و وشە ڕاستەكان هان بدات و پاداشتی بكات، بۆ نموونە كاتێك بەڕاستی وشەیەك گۆ دەكات ئەوا دەبێت پێی بڵێ (ئافەرین، دەستخۆش، زۆر سویاس، قسەكانت چەند خۆشن، .... هتد) یان دیارییەكی بداتێ یان ماچی بكات یان لەباوەشی بگرێت بۆئەوەی جارێكی تر دووبارەی بكاتەوە و لەسەر فێربوون و بەكارهێنانی وشەی تربەردەوام بێت.

پێکەوە

گفتوگۆیەکی کراوە و بونیادنەر